

ڕێبین ئەحمەد خدر

# بەرچنەیەک شیعر



**شەش شاعیر**

**لەیەک کاتدا**
**لە تولە ڕێیەکی تاریکی ترسناک،**
**هەریەکەیان لە نێو دڵی هەڵاتنێکدا**
**وەک خوێن گوزەرییان دەکرد**
**ئەوان: شەش شاعیر**
**١- درەختە کۆنەکان دەفرۆشین و لە بادا دەنووین**
**٢- سەرێک لە کتێبخانەی خوا دەدەین**
**٣- پاڵ دەنێین بە هەتاو. با بارانیش ببارێ**
**٤- من سەر دەکێشم بە برووسکەدا و دەسماڵی یاری لێ دەبەستم**
**٥- لەگەڵ عەشقدا بڕۆین ناگەینە کۆتایی**
**٦- نا... عەشق کۆتایی بێت ناتوانین دەست پێ بکەین**
**ئەوان: شەش شاعیر**
**بەیەکەوە لە ڕێگایەکی سامناک**
**دەگریان و شیعر دەڕژا**

هیچیان یەکدییان نەدەناسی و دەگریان
ونبوون.

### خەونی دوور

کچەکان مەمکەکانیان
خستوونەتە بەر شنەی با
ماندوون و ئاراقە دەردەدەن
ئاسمان ڕوو دەکاتە
زەردەپەڕێکی تۆخ
لەولاوە کوڕەکان بە بۆنی
شنەباکە مەستن
ماندوون و عەشق دەردەدەن
پێ دەشتێک وێنەی دڵی منداڵ ڕوون
پێ دەشتێکی دووور



### ڕێگاکان

هەموو ڕێگاکانی خۆ کوشتنم تاقی کردنەوە
خۆ فڕێدان لەسەر قەنەفە
خۆ خستنە ژێر ئۆتۆمبێلێکی منداڵان
سەر خستنە نێو تەشتێکی بەتاڵ
چەقۆ چەقاندن لەسەر دڵی وێنەیەکم
عاشقبوون بە بووکە شووشەیەک
خۆ خنکاندن بە پەت لە شیعرێکدا
هەموو ڕێگاکانی خۆ کوشتنم تاقی کردنەوە و هەر زیندووم
با زیاتر بژیم ... زیاتر
بەهیوای ژیانێکی خۆش
لە نێو گۆڕستانی زیندووان دا.

### هەستەکان

سەیری ئاسمانم کرد
ئەو چۆرە ئاوەم خواردەوە
کە چۆلەکەکەی خنکاندبوو
تامی فڕینی لـێ دەهات
کەوتمەوە خەیاڵی تۆ ئازیز
ئەو زنجیرەی کچۆڵەیان پێ بەستبۆوە
گوێم پێوە نا ناڵەی ئەوینی لێ دەهات
مردم و ڕۆحم هەڵفڕی
ئەو بەهەشتەی پێیان بەخشیم
پان و بەرین
سەد جار حەیف
بۆنی زەمینی لێ دەهات.

### شەوان

باخچەیەک لەو بەری ماڵی ئێمەیە
پەپوولەکان هاتوون بۆن بکرن
پیرەمێردە مل گرێ گرێیەکە دەخزێتە سەربان
پیلەکانی بە بەرد کوتاونەتەوە و
ڕادیۆ ئامادایە
لە هەواڵەکانی جەنگدا بێدارە و
لە کاتی گۆرانییەکاندا خەوتووە
کتێبێک لە تەنیشت قەفەسی کۆترەکان ڕاکشاوە
کێ دەڵێ ناونیشانەکەی ئازادی نییە؟
من دڵم تەنگە
دەبێت تا هەفتەیەکی تر بژیم... مانگێکی تر
سەیری ئاسمان دەکەم
حەز دەکەم دواکەس بم

ڕووی یارەکەم بە مانگ بچووێنم
گەڕان
کاتێ لێم دابڕای
زۆر بەدواتدا گەڕام
ژێر باڵی هەورەکان درزی برینەکان
ڕووباری نێو خەونەکان
زۆر گەڕام
زۆر
شەوێک لەناکاو لە تاریکاییدا
وەک دەست کوتانی کوێرێ
شتێکی سەیر ڕوویدا،
خۆمم دۆزییەوە.

